# بەختیار عەلی، خەڵاتی نیلی زاکسی ساڵی ۲۰۱۷ دەباتەوە

ئا: فازیل شەورۆ
(دوبلن - ئێرلەند)

هەرچەندە مێژووی ئەدەبی نووسراوی کوردی، بە بەراورد بە مێژووی زۆر نەتەوەی دیکە، کۆن نییە و هەندێک لە ڕشتە ئەدەبییەکانی وەک ڕۆمان و شانۆنووسین و ڕەخنەی ئەکادیمی تەمەنیان نەگەیشتووەتە سەدەیەک، لەسایەی قەڵەمی چەند نووسەر و شاعیرێکی بەهرەمەند و بە توانست، لە گەنجینەی کتێبخانەکانماندا شاکاری بەرز و بەنرخمان هەیە. داخی گرانم دوو دیواری ئەستوور و بڵند، بوونەتە هۆی شاردنەوەی ئەو شاکارانەو نەتوانراوە، تا ئێستا وەک پێویست ئەوان بە خوێنەرانی جیهان بناسێنین. ئەم دوو دیوارەش بریتین لە:

*** هەژاریی ڕەخنەی زانستی کوردی:** هەرچەند لەم دواییەدا هەوڵ و کۆششی جددی بۆ بنیادنانی ڕەخنەیەکی ئەکادیمیانەی هاوچەرخ هەیە، دەوڵەمەندکراو بە سەرچاوە و کانگای باڵا و بەرزی جیهانی، بەڵام تا ئێستا ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە ژێر ئاستی پایە و ئاراستەی ئەدەبی کوردییە. ئەوەندەی ڕەخنەکانمان دەچنە ژێر چەتری وتار و نمایشکردن و خوێندنەوەوە، هەندە ناچنە سەر بنەما و ڕێباز و تیورییەکانی کەشفکردنی جەوهەری دەقەکان و دۆزینەوەی ڕاز و نهێنییەکان و تێگەیشتن لە مراز و پەیامی نووسەر و گرێدانەوەیان بە واقیعی ئەدەبی جیهانی. ئەوە جگە لە دیاردەی خزم خزمێنە و پێکداهەڵگوتن.

*** هەژاریی بازاڕی تەرجەمەی ئەدەبی کوردی بۆ زمانە زیندووەکانی جیهانی:** لەبەر ئەوەی کورد خاوەن هونەری سینەما و شانۆی باڵا نییە بۆ ئەوەی دەنگ و ڕەنگمان بگەیەننە ئەو دیوی سنوورەکانمان، باشترین و سەرکەوتووترین وەسیلە بۆ ناساندنی شاکارە ئەدەبییەکانمان، تەرجەمەیە بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان. ڕاستە ئەمڕۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستا و ڕۆشنبیر و نووسەرانمان هەن کە زمانییێک، یان پتر لە زمانێکی غەیری کوردی دەزانن، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا کورد نەیتوانیوە بازاڕی خۆی بۆ تەرجەمەی ئەدەبەکەی بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان گەرم بکات، چونکە زانینی زمان بەس نییە بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بکاتە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو. لە مێژە گوتراوە: وەرگێڕان ئەدەب و هونەرە و هەمیشە زەحمەتتریشە لە نووسینی ڕاستەوخۆ بە زمانی دایک. خەمساردی وەزارەت و لایەنە بەرپرسەکانی ئەم بوارەش، خەمێکی دیکەیان خستووەتە سەر شانی ئەو هەژارییەی وەرگێڕانی کوردی.

بە سایەی وەرگێڕانی ڕۆمانێکی کوردی بۆ زمانی ئەڵمانی، خۆشبەختانە لە ساڵی (۲۰۱۷) بووینە خاوەن خەڵاتێکی ئەدەبی بەرچاو. نووسەری ناسراوی کورد



**بەختیار عەلی لە کاتی وەرگرتنی خەلاتی نیلی زاکسی**

بەختیار عەلی - وەک نوێنەری ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست - لە ڕۆژی (٢٠١٧/١٢/١٠) لە سەنتەری شاری (دۆرتمۆند) لە ئەڵمانیا، بە ئامادەبوونی پارێزگار (بریگیت یۆدەر)، خەلاتی (نیلی زاکس) پێ بەخشرا. ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) کە هەر یەک لە (ڕاوێژ سەلیم) و خانمی (ئوتە کانتێرا لانگ) کاری وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی ئەڵمانی بۆ کردبوو، ئەو خەلاتەی بردبووەوە.

**ڕێوڕەسمی بەخشینی خەلاتەکە**

٢٠١٧/١٢/٨: دوای دیمانە ڕۆژنامەوانییەکەی شارەوانی (دۆرتمۆند)، بۆ ڕۆژنامە و پەیامنێران، بە ئامادەبوونی پارێزگاری شار و جێگرەکانی، نووسەر بەختیار عەلی چەند چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆنی سازدا. لە ئێوارەی هەمان ڕۆژیشدا، خانەی ئەدەبی (دۆرتمۆند) کۆڕێکی ئەدەبی بۆ نووسەر ڕێکخست، نووسەر و ڕەخنەکاری بەناوبانگی ئەڵمانی (شیڤان ڤایدنەر)، کە کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد، بەختیار عەلی بە ئامادەبووان ناساند، باسی وەرگێڕی کورد (پێشەوا فاتیح)یشی وەک قارەمانێک کرد. دواتر ئەکتەرێکی شانۆکار چەند بەشێک لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی خوێندەوە، ئەوجار بەختیار عەلی بۆ خۆی هەر دوو ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) و (دواهەمین هەناری دونیا)ی بۆ ئامادەبووان یادداشت کرد.

٢٠١٧/١٢/٩: نووسەر و هەردوو وەرگێڕی ڕۆمانەکە (ڕاوێژ سەلیم) و خانمی (ئوتە کانتێرا لانگ) و ستافی خەلاتی (دۆرتمۆند) و داوەرانی خەلاتەکە لە ئێوارە خوانێکدا داوەتی پارێزگار بوون.

٢٠١٧/١٢/١٠: لە سەعات (١١) پێش نیوەڕۆ لە سەنتەری شاری دۆرتمۆند و بە ئامادەبوونی چەندان کەسایەتی گرنگی شارەکە و بە ئامادەبوونی پارێزگار بریگیت یۆردەر، خەلاتی نیلی زاکس پێشکەش بە نووسەر و ڕۆماننووسی کورد بەختیار عەلی کرا. نووسەر لە کاتی وەرگرتنی خەلاتەکە وتارێکی بە زمانی ئەڵمانی خوێندەوە، ئەمەی خوارەوە دەقی وتارەکەیە بە زمانی کوردی:

بەڕێز خانمی پارێزگار بیرگیت یۆردەر،

زۆر بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی شار،

ئازیزان ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی خەلاتی نیلی زاکس،

ئامادەبووانی بەڕێز،

خۆشحاڵییەکی گەورەیە بۆم، کە هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسا لێرە بە دیدارتان شاد دەبم. دەستپێک دەمەوێت سوپاسی تایبەتی خۆمتان پێشکەش بکەم؛ بە پێشکەشکردنی خەلاتی ئەم ساڵی نیلی زاکس، شانازییەکی گەورەتان پێم بەخشی.

ئەوەی بە تایبەت من وا لێ دەکات بە وەرگرتنی ئەم خەلاتە سەربەرز بم، ئەوەیە پێشتر بە گەورە نووسەرانی وەک ئێلیاس کانێتی، ئێریش فرۆم و میلان کۆندێرا بەخشراوە، ئەو نووسەرانەی، من لە چەندان قۆناغی جیاوازی ژیانمدا خوێنەریان بووم، بەلام شتێکی گرنگتر لەوەش ئەوەیە، ئەم خەلاتە وەک ئاماژەیەکی واتادار تەماشا دەکەم بۆ پشتگیریکردن لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەلات. بەلامەوە گرنگە هەموومان لەوە ئاگادار بین، کە نووسەرانی ڕۆژهەلات، بە تایبەت نووسەرانی کورد، لە هەلومەرجی تەواو جیاوازدا گەورە بوون و تا ئەمڕۆش لە دۆخێکی تەواو جوددا دەژین و دەنووسن.

ئەوەی ئەمڕۆش من دەتوانم لێرە بم و سەبارەت بە ئەدەبیاتی کوردی قسە بکەم، پێویستە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم، ئێوە لەوە ڕامێنن و تێبفکرن کە هێشتا ملیۆنان کورد ڕێگەیان پێ نادرێت بە زمانی زگماک و بە ئازادی باس لە خۆیان بکەن، ناتوانن بێ بەربەست بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێننەوە، یان بنووسن، بۆیە خەلاتی نیلی زاکس ئاماژەی هیوایەکیشە بۆ هەموو ئەو



**دیمەنێک لە ئامادەبووانی خەڵاتی نیلی زاکسی**

کەسانەی لە هەوڵ و تەقەللای پاراستن و ڕزگارکردنی زمانەکەیاندان، ئیتر مرۆڤگەلێکی کورد، یان سەر بە هەر گرووپ و نەتەوەیەکی تر بن. بێ گومان وەک نووسەر، من خەونم هەمیشە لەوە گەورەتر بووە تەنیا وەک زمانپارێز ببینرێم، لە یەک ساڵ و نیوی ڕابوردوودا وەک نووسەرێک بۆ سازکردنی کۆڕی ئەدەبی سەبارەت بە ڕۆمانەکانم هەلم بۆ ڕەخسا لە زۆر شار و شارۆچکەی ئەڵمانیا، نەمسا و سویسرا، کۆڕ ساز بکەم. لە هەموو ئەو شوێنانە لە منیان دەپرسی: "لە ناوچەکەی ئێوە ڕۆڵی ئەدەبیات چییە؟" یان بە شێوەیەکی تر بڵێم: "لە نێو ئەو هەموو خوێنڕشتن و کارەساتەدا ئەدەبیات دەتوانێت چ بۆ ئێوە بە دەست بخات؟

پرسیارێک کە لە جێی خۆیدایەتی و ڕەوایە، بەڵام ئازاربەخشیشە، چونکە پرسیارەکە لە نووسەرانی تر ناکرێت. بەڵێ ئەدەبیات لە نێو شەڕ، لە نێو خوێن و لە شەڕگەکاندا بە ڕاستی دەتوانێت چی بجووڵێنێت و چی بکات؟

هەر نووسەرێک ڕوونکردنەوە و بۆچوونی خۆی لەو بارەیەوە هەیە کە بۆچی نووسینی بۆ گرنگە، هیچ کات دوو نووسەر هەمان وەڵامیان بۆ ئەو پرسیارە نابێت. بۆچی ئەدەبیات دەنووسرێت و چۆن دەخوێنرێتەوە، پێوەندی بە ئەزموونی تایبەتی هەر مرۆڤێکەوە هەیە. ئەوەی منی بەرەو نووسین جووڵاند و برد، بەر لەوەی پێش ساڵانێکی زۆر دەست بە نووسین بکەم، سەرسوڕمانی بێ سنووری من بوو بۆ مرۆڤەکان، بۆ توانایی مرۆڤەکان و بۆ ویست و بۆ زیرەکییان. من تا ئەمڕۆش لەنێو جەرگەی ئەو سەرسوڕمان و ئەفسوونەدا دەژیم. بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێت بە نووسەر، پێویستە بە مرۆڤەکان سەرسام بێت. سەرسوڕمان بۆ دەق، یان بۆ دنیابینی دواتر و درەنگتر دێت. هەموو ڕۆمانەکانم لەو سەرسامییەوە سەرچاوە دەگرن. خەیاڵ، فەنتازیا هەمیشە کەرەستەی من بووە، بۆ ئەوەی باس لە جوانییەکانی ژنان، پیاوان و منداڵان بکەم، چیرۆک و بەسەرهاتەکانیان بگێڕمەوە، چیرۆکی ئەو مرۆڤانە بپارێزم کە لە چەقی شەڕ، کارەساتەکان و ململانێکاندا ڕوحی زیندووی خۆیان و مرۆڤبوونی خۆیان دەپارێزن و ئەوانی تر فەرامۆش ناکەن. بۆ من گرنگە پیشانی بدەم، هەر مرۆڤێک هەرچەندە خاوەنی دەسەڵاتێکی ترسناکیش بێت، شەڕەنگێز، یان بێ دڵ، یان ڕقاوی و پڕ کینەش بێت، کەسێکە، مەخلووقێکە، ئێمە دەتوانین لە هەناویدا، لە ناخیدا، شتێک بدۆزینەوە کە مایەی سەرسوڕمان بێت.

من خەڵکی ناوچەیەکم کە شەڕ و کارەساتەکان بوون بە تانوپۆی. هەرگیز نەمویستووە ڕوخساری هیچ شتێک جوان و پاک دەربخەم، هەر بۆیە بەرهەمەکانم نیشانەکانی ڕق و زەبروزەنگیان پێوە دیارە. هەرگیز نەمویستووە هیوای درۆ بئافرێنم، یان تەنیا تیشک بخەمە سەر سیما ناسک و نیانەکانی ژیان و بە تەنیا ئەوان بەسەربکەمەوە، بەڵام من هەمیشە بەرگریم لە بڕوا و ڕاستییەک کردووە: مرۆڤ دەتوانێت بە نێو دۆزەخدا تێپەڕ ببێت و سەرباری ئەو تێپەڕبوونەیش لەو سەرەوە وەک مرۆڤ بێتە دەرێ. سیاسەت و ئایین دەتوانن مرۆڤەکان بکەن بە خەڵکی دڵڕەق، دەستوەشێن، بەڵام ئەو هیوایەش دەمێنێتەوە، هیوای ئەوەی سەرلەنوێ ئەو کەسە بگەڕێتەوە و ببێتەوە بە مرۆڤ، بەڵێ، ئەو هیوایە هەمیشە دەمێنێت و هەر لەئارادایە.

ئەوەی کە ئایا مرۆڤ باشە، یان خراپ، من هەرگیز ئەو پرسیارەم لە خۆم نەکردووە. من سەبارەت بە هێزی ناوەکی مرۆڤ بەرهەمم نووسیوە، بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی بێ خەیاڵی، گوێنەدان و لەبیرکردن. سەرسوڕمانی من بۆ مرۆڤ لە پێناسەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت: ئەو، مرۆڤ دەزانێت بەرپرسیارێتییەکی هەیە و دەبێت شانی بداتە بەر و هەڵی بگرێت. هەستکردن بەم بەرپرسیارێتییە ئەرکێکی سیاسی و ئایینی نییە، لە یاساکانەوە سەرچاوە ناگرێت، یان زادەی فەرمان و

باوەڕداری نییـــە، بەڵکو هەڵکەوتەی ڕاســـتەوخـۆی بەرپرسیاریەتی مرۆڤە بەرانبەر بە مرۆڤ. بەرپرسیاریەتی ســەرەکی ئەو ئەوەیە، مـــرۆڤـانە ڕووبەڕووی ئەوانی تر ببێتەوە و مرۆڤانەش بیانبینێت. ئەم بەرپرسیاریەتییە لە کاتە ئاسایییـەکاندا تاقی ناکرێتـەوە و نابینرێت. ئەوە دەبێت لە ترۆپکی ترس و گیرۆدەییدا خۆی بسەلمێنێت، ئەو کاتەی کە مرۆڤـبوون بۆ خۆی مـەترسییە و مرۆڤ لەسـەر مـرۆڤـبوونی ڕووبەڕووی کـێشـە و دەردەسـەری دەبێـــــتـەوە، تەنیـــا لە ترۆپکی بێ هیـــوایـیـــدا خۆبەدەستەوەنەدانی مرۆڤ مانای خۆی وەردەگرێت.

خوێنەرانی من دەبێت هەرگیز ئەوە لە بیر نەکەن، کە ســـەبارەت بە ڕۆژگـــارێک دەنووسم، ڕۆژگـــارێک لە بۆتەیاندا بۆ تاکەکان ترسناکە و ئاسان نییە وەک مرۆڤ بمێننەوە و لە مرۆڤبوون لا نەدەن، هەر بۆیە ویستوومە لە بەرهەمەکانمدا، لە نێو هەناوی شەڕ و کارەساتەکاندا ڕێز لە لاوازیی مرۆڤ بگرم. من هەوڵم داوە ئەوە پیشان بدەم کـە لەگـەڵ هەمـوو توندوتیـژی و زەبروزەنگێکیـشـدا توخـمـێک دەمـێنێـتـەوە، توخـمـێک کـە شـایسـتـەی سەرسوڕمان و ڕێزە.

## کۆتایی وتارەکە
## پوختەیەک دەربارەی خەڵاتی نیلی زاکس

خـــــانمی نیـلی زاکس (Sach Nelly) (١٨٩١ - ١٩٧٠) شـاعیـر و شـانۆنووس، سویدی بە ڕەچەڵەک و جوولەکەی ئەڵمانی، ئەزموونەکانی ژیانی ئەدەبی خۆی لە ڕەفتـارە قـێـزەونەکـانی نازییـەکان لە دووەمین جـەنگی جیــهـانیــدا هەڵهـێـنجـاوە. سـەرەتا وەک شـینگێـڕ و سـەردولکە گـۆیەک بۆ مـەرگەسـاتەکـانی خوشـک و برا جوولەکـەکانی بەدیار کـەوت و زوو بوو بە شـانۆنووسی ڕووداوە جـەرگـبـڕەکـانی سـەردەمی خـۆی. لە سـاڵی (١٩٥٠)وە تا سـاڵی (١٩٧١) حـەوت لە بەرهەمـە شـیـعـری و شـانۆکـارییـەکـانی چاپ کـران. لە سـاڵی (١٩٦٦) خـەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەب پێ بەخـشـــرا بە بردنەوەی کـۆمـەڵە شـیـعـرێکی کـە زمـانحـاڵی مـەرگەسـاتەکـانی جوولەکـەکـان بوو، ئەو خـەڵاتەشی بە هاوبەشی لەگەڵ (شمیول یووسف) وەرگرت. پێشتریش لە سـاڵی (١٩٦١) بوو بە براوەی یەکـەمین خـەڵاتی ئەدەبی شـاری (دۆرتمۆند)ی ئەڵمانی و لەسـەر شـەرەفی ئەو، ئەم خەڵاتە ناونرا خەڵاتی (نیلی زاکس).

ڕاستییەکەی مێژووی خەڵاتەکە بۆ ساڵی (١٩٥٤) دەگەڕێتەوە، کاتێک لەو ساڵەدا بەخشرابووە نووسەرێک کە بە زمـانی غـەیرە ئەوروپایی دەینووسی. ئەم خـەڵاتە وەک بەشی هەرە زۆری خەڵاتە ئەدەبییە ئەوروپییەکان لە لایەن شـارەکـانەوە پشـتگـیری لێ دەکرێت، یەکـێک لە شارەکان دەبێت بە سپۆنسەری خەڵاتەکە، وەک خـەڵاتی هێنریش بۆل کە شـاری کۆڵن دەیبەخشـێت و خـەڵاتی هێـڵدا دۆمـینی شاری هایدلبـێرگ. خـەڵاتەکە بڕێک پارەشی لەگەڵدایە.

ئەوەی ئەم خەڵاتە لە خەڵاتەکانی تر جیادەکاتەوە دوو شتە:

**یەک:** ڕیزبەندی ناوی ئەو نووســـەرانەیە کــــە وەریانگرتووە، هەموویان لە نووسەرە ناسراوەکانی زمانی ئەڵمانین، ئەوانە نووسەری جیهانین.

**دوو:** ئەم خـەڵاتە هەر دوو سـاڵ جـارێک دەدرێت بە نووســـــەرێکی ژن و دوو ســــــاڵی دواتر دەدرێت بە نووسەرێکی پیاو.

تا ئێستـا ئەو نووسـەرانەی خـوارەوە خەڵاتی (نیلی زاکسی)یان پێ بەخشراوە:

| سال | خەڵاتکراو | وڵات |
| --- | --- | --- |
| ١٩٧١ | Ilse Aichinger | ئەمسا |
| ١٩٧٣ | Paul Schallück | ئەڵمانیا |
| ١٩٧٥ | Elias Canetti | ئینگلتەرا |
| ١٩٧٧ | Hermann Kesten | ئەمریکا |
| ١٩٧٩ | Erich Fromm | ئەڵمانیا |
| ١٩٨١ | Horst Bienek | ئەڵمانیا |
| ١٩٨٣ | Hilde Domin | ئەڵمانیا |
| ١٩٨٥ | Nadine Gordimer | ئەفریقیای باشوور |
| ١٩٨٧ | Milan Kundera | فەرەنسا |
| ١٩٨٩ | Andrzej Szczypiorski | پۆلەندا |
| ١٩٩١ | David Grossman | ئیسرائیل |
| ١٩٩٣ | Juan Goytisolo | ئیسپانیا |
| ١٩٩٥ | Michael Ondaatje | کەنەدا |
| ١٩٩٧ | Javier Marías | ئیسپانیا |
| ١٩٩٩ | Christa Wolf | ئەڵمانیا |
| ٢٠٠١ | Georges-Arthur Goldschmidt | فەرەنسا |
| ٢٠٠٣ | Per Olov Enquist | سوید |
| ٢٠٠٥ | Aharon Appelfeld | ئیسرائیل |
| ٢٠٠٧ | Rafik Schami | ئەڵمانیا / سوریا |
| ٢٠١٠ | Margaret Atwood | کەنەدا |
| ٢٠١١ | Norman Manea | ڕۆمانیا |
| ٢٠١٣ | Abbas Khider | ئەڵمانیا / عیراق |
| ٢٠١٥ | Marie NDiaye | فەرەنسا |
| ٢٠١٧ | Baxtiyar Ali | کوردستان |

لە جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بەو خەڵاتانەش بکەین کە بە شاعیری کورد (شێرکۆ بێکەس) بەخشراون، وەک خەڵاتی (تۆخۆلۆسکی) کە لە ساڵی ١٩٨٧ لە خانەی قەڵەمی سویدی شاری ستۆکهۆڵم لە سوێد پێی بەخشرا. ئەم خەڵاتەش لە ساڵی (١٩٨٤)ەوەو هەر دوو ساڵەی جارێک بە ئەدیبێکی داهێنەر و بەهرەدار دەبەخشریت. ئەو شاعیرە بەرزە خەڵاتی (ئازادی) شاری (فلۆرەنسا)شی پێ بەخشرا و بوو بە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی سوێدی.

شاعیر و نووسەر (جەلال بەرزنجی) لە پێشبڕکێی خوێندنەوەی دنیا لە ڕێگەی کتێبی (پیاوەکی بێجامەشین) یادەوەری لە فۆرمی ڕۆماندا کە ساڵی ٢٠١١ لە کەنەدا، ئەمریکا و ماڵپەڕی ئەمازۆن بڵاوبووەوە، خەڵاتی یەکەمی بردەوە، بەمەش ئەو یەکەم نووسەری تاراوگەی کەنەدا بوو کە خەڵاتی خانەی (قەڵەمی) ئەو وڵاتەی بردەوە.

د. نەزەند بەگیخانی، شاعیر و نووسەر، بە دیوانی (دوێنێی سبەینێ) خەڵاتی فێمینی شیعری فەرەنسی بەناوی سیمۆن لاندری لە ساڵی (٢٠١٢) وەرگرت. لە ساڵی (٢٠٠٠)یشدا، خەڵاتی (ئێما هەمفریس)ی بۆ چالاکی و خەباتی دژی تاوان بە بیانووی شەرەف، پێ بەخشرا.

نووسەر و ڕەخنەکار (عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا) خەڵاتی پێشانگەی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت بۆ ساڵی (٢٠١٧)ی لە لایەن وەزیری ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

لە ساڵی (٢٠٠٤)یش فازیل شەورۆ خەڵاتی (شارەڤانی دوبلن)ی لە بواری وەرگێڕان و کاری مرۆییدا پێ درا، ئەم خەڵاتە ساڵانە دەبەخشرێتە (٣) کەس.

**کورتەی ژیاننامەی بەختیار عەلی محەمەد:**

* ١٩٦٠ لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشای شاری سلێمانی لەدایک بووە.

* کە خوێندکاری بەشی زەویناسی دەبێت لە زانکۆی سەلاحەددین، بریندار دەبێت و بۆ یەکجاری واز لە خوێندن دێنێت و خوو دەداتە خوێندنەوە و نووسین. هەر لەم ساڵەدا چامەی (نیشتیمان) بڵاودەکاتەوە.

* ١٩٨٥ ڕوو لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و خۆی فێری زمانی فارسی دەکات.

* ١٩٩٤ دەچێتە دیمەشق لە سوریا، دوای نۆ مانگ لە مانەوەی لەوێ، دەچێتە ئەڵمانیا تا ساڵی (١٩٩٩) لە شاری فرانکفۆرت نیشتەجێ دەبێ.

* ١٩٩٩ دەگوێزێتەوە بۆ شاری کۆڵن هەر لە ئەڵمانیا.

ئەمەش ڕیزبەندی بەرهەمە چاپکراوەکانیەتی کە هەندێکیان وەرگێڕراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و سوێدی و فارسی و تورکی :

**دیوانە شیعرییەکان**

* گوناه و کەرنەڤاڵ.

* بۆهیمی و ئەستێرەکان.

* کۆی بەرهەمە شیعرییەکان ١٩٨٣ - ١٩٩٨.

* ئێشکردن لە دارستانەکانی فیردەوسدا.

* تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە - کۆی بەرهەمە شیعرییەکان ١٩٨٣ - ٢٠٠٤.

* ئەی بەندەری دۆست.. ئەی کەشتی دوژمن ٢٠٠٧.

**ڕۆمانەکان**

* مەرگی تاقانەی دووەم

* ئێوارەی پەروانە

* دواهەمین هەناری دونیا

* شاری مۆسیقارە سپییەکان

* جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد

* غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ

* کۆشکی باڵندە غەمگینەکان

* کەشتیی فریشتەکان - بەرگی یەکەم (لە ٢٠١٢/٥/١٠ بڵاوکراوەتەوە)

* کەشتیی فریشتەکان - بەرگی دووەم (لە ٢٠١٣/٧/٧ بڵاوکراوەتەوە)

* کەشتیی فریشتەکان - بەرگی سێیەم (لە ٢٠١٧/٩/٦ بڵاوکراوەتەوە).

* هەورەکانی دانیال - ٢٠١٥.

**بەرهەمە فیکرییەکان**

* وەڵام لە ڕۆژگاری ونبوونی پرسیاردا - سێزدە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەختیار عەلی

* ئیمان و جەنگاوەرانی

* خوێنەری کوشندە - کۆمەڵە وتار

* لەدیارەوە بۆ نادیار

* چێژی مەرگدۆستی

* وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان

* سێوی سێهەم

* ئاوڕەکەی ئۆرفیوس ٢٠١٤

* جوانییەکانی ناڕێکی

* نەرسیسی کوژراو

**سەرچاوەکان:**

**جگە لە (واڵی فەیسبووکی) نووسەر، بە زمانی ئینگلیزی و کوردی سوودم لە زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕ وەرگرتووە.**